پەیامێکی عێراقی-قەتەری: کاتی دەستوەردانی نەوەوەتی هاتووە لەپێناو سەقامگیری



عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆمار و شێخ تەمیم بن حەمەد بن خەلیفە ئال سانی ئەمیری قەتەر ڕۆژی پێنجشەممە جەختیان لە گرنگی کۆنتڕۆڵکردنی گرژییەکان و پەسەندکردنی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوچەیی و نەوەوەتییەکان کردەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕاگەیەندراوێکدا کەدەستی موتابیع کووتووە باویکردەوە،سەرۆک کۆمار لەگەڵ ئەمیری وڵاتی قەتەر باروودخی ناوچەکەیان تاوتوێ کرد

وتیشی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید ڕۆژی پێنجشەممە 26 ی حوزەیرانی 2025 لەگەڵ شێخ تەمیم بن حەمەد بن خەلیفە ئال ثانی ئەمیری قەتەر بە بۆنە ی ساڵی نوێی کۆچی پیرۆزبایی ئاڕاستەی کرد و هیوای پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی زیاتریان بۆ هەردووو گەلی عێراق و قەتەر خواست.

ڕایشیگەیاند لە پەیوەندییەکەدا لەبارەی باروودخی سیاسی و ئەمنی ناوچەکە و چێنیەتی پەرەپێدانی پەیوەندییە برایانەکان و هاوکارییەکانی نێوان عێراق و قەتەر لە بواری هاوبەش جیاوازەکاندا تاوتوێکرد.

هەروەها باس لە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییانە کرا و جەختیان کردەوە لەسەر گرنگی کۆنتڕۆڵکردنی

گرژییەکان و گرتنەبەری زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە گەڕەپانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بەشێوەیەک کە دەرفەتی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا بەهێزتر بکات. جەختیش لەسەر پێویستی وەستاندنی دەستدرێژی و پێشێلکارییەکان لە کەرتی غەززە و دابینکردنی یارمەتی بۆ گەلی برای فەلەستین کرایەوە و گرنگی کاری کۆمەگەی نێودەوڵەتی و بەرپرسیارێتییە یاسایی و ئەخلاقییەکانی خۆی لەو بوارەدا کەلە ئەستۆی بگرێت دوپات کرایەوە .